تویژینەوە

# دەنگ و سەنگی پێکهاتەکانی کەرکوک
# لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا
# (2005 - 2023)


ئارام جەمال

تویژەر و شارەزای هەڵبژاردن




دیسەمبەری 2023

## ناوەڕۆک

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 4 | • پێشەکی |
| 5 | • ڕۆژمێری هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005) لە عیراقدا |
| 6 | • هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق (30-01-2005) |
| 6 | • هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک (30-01-2005) |
| 9 | • هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی ڕاگوزەر (انتقالي) (30-01-2005) |
| 11 | • دەنگی پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی ڕاگوزەردا |
| 12 | • هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (15-12-2005) |
| 14 | • دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا |
| 15 | • هەڵبژاردنی دووەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (07-03-2010) |
| 17 | • دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی دووەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا |
| 20 | • هەڵبژاردنی سێیەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (30-04-2014) |
| 22 | • دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (30-04-2014) |
| 24 | • هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (12-05-2018) |
| 26 | • دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا |
| 28 | • بەراوردکردنی نرخی کورسی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی عێراقدا |
| 29 | • هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (10-10-2021) |
| 31 | • دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا |
| 35 | • بەراوردکردنی نرخی کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا |
| 36 | • دەرەنجام |
| 37 | • سەرچاوەکان |
| 38 | • پاشکۆ |
| 40 | • بلاوکراوەکانی توێژەر سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن |

## پێڕستی خشتە و گرافیکەکان

| لاپەڕە | خشتە و گرافیک |
|---|---|
| 5 | • خشتەی ژمارە -1- ڕۆژمێری هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005) |
| 7 | • خشتەی ژمارە -2- ژمارەی دەنگ و کورسی لیستەکان لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا |
| 7 | • گرافیک ژمارە -1- ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک (30-01-2005) |
| 8 | • خشتەی بەرکەوتەی حزبەکانی ناو لیستی برایەتی کەرکوک لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا |
| 8 | • خشتەی ژمارە -3- ژمارەی دەنگ و کورسی لیستە کوردییەکان لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا |
| 10 | • خشتەی ژمارە -4- ئەنجامی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق 30-01-2005) |
| 11 | • خشتەی ژمارە -5- دەنگی پارتە سیاسییەکان لە پارێزگای کەرکوک لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی ڕاگوزەری عێراقدا |
| 13 | • خشتەی ژمارە -6- ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| 13 | • خشتەی ژمارە -7- دابەشبوونی لیستە کوردییەکان بەسەر پارێزگاکاندا |
| 14 | • خشتەی ژمارە -8-دەنگ و کورسی لیست و هاوپەیمانەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (15-12-2005) |
| 16 | • خشتەی ژمارە -9- ئەنجامی هەڵبژاردنی دووەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (07-03-2010) |
| 17 | • خشتەی ژمارە -10- ژمارەی کورسییەکانی لیستە براوەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی (07-03-2010) |
| 18 | • خشتەی ژمارە -11- دابەشکردنی کورسی بەتاڵ بە شێوازی بەهێزترین تێکڕا (المعدل الاكبر) |

| | |
|---|---|
| • خشتەی ژمارە -12- گریمانەی دابەشکردنی کورسی بەتاڵ بە شێوازی زۆرترین دەنگی ماوە (باقي الاقوى) | 19 |
| • خشتەی ژمارە -13- ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 21 |
| • خشتەی ژمارە -14- ئەنجامی لیستە براوەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی سێیەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (30-04-2014) | 22 |
| • خشتەی ژمارە -15- ئەنجامی لیستەکانی پێکهاتەی کورد لە کەرکوک لە هەڵبژاردنی سێیەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا | 23 |
| • خشتەی ژمارە -16- ئەنجامی لیستەکانی هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (12-05-2018) | 25 |
| • خشتەی ژمارە -17- ئەنجامی لیستەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (12-05-2018) | 27 |
| • خشتەی ژمارە -18- ئەنجامی لیستەکانی پێکهاتەی کورد لە کەرکوک لە هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا | 28 |
| • خشتەی ژمارە -19- ئەنجامی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (10-10-2021) | 30 |
| • گرافیک ژمارە -2- سنوری سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک | 33 |
| • خشتەی ژمارە -20- ئەنجامی لیستەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (10-10-2021) | 34 |
| • خشتەی ژمارە -21- ناساندنی خولی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 38 |
| • خشتەی ژمارە -22- ڕێژەی بەشداربوونی دەنگدەرانی پارێزگای کەرکوک لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقدا (2005 - 2021) | 39 |
| • خشتەی ژمارە -23- ژمارەی کورسییەکانی پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی پارێزگای کەرکوکدا | 39 |




**پێشەکی:**

بەو پێیەی لەبەردەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقداین، کە بڕیارە رۆژی (18-12-2023) ئەنجام بدرێت، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە دوو سەرەوە چەقی کێبڕکێی نێوان قەوارە سیاسییەکانە: لە سەرێکەوە دەرخەری ژمارەی دەنگ و کورسییەکانی هەریەک لە پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمانە لەو پارێزگایەدا و لە سەرێکی تریشەوە ژمارەی ئەو دەنگ و کورسیانەی هەریەک لە لیستە کوردییەکان بەدەستیدەهێنن رەنگدانەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیارە رۆژی (25-02-2024) ئەنجام بدرێت.

ئەم تویژینەوەیە دەخوازێت بە داتا و ئامار و زانیاری، ئەنجامەکانی سەرجەم ئەو هەڵبژاردنە گشتیانە بخاتەڕوو، کە لە سالی (2005)وە لە پارێزگای کەرکوکدا ئەنجامدراون، بۆئەوەی لەرووی هەڵبژاردنەوە دەنگ و سەنگی لیستەکانی سەر بە پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایە و هەلکشان و داکشانی ژمارەی دەنگ و کورسی پارتە سیاسییەکان و پێکهاتەکانیان بخاتەڕوو، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ خوێندنەوەی نەخشەی دابەشبوونی کورسییەکانی ئەنجومەنی پاریزگای داهاتوو.

ئەم توێژینەوەیە بە پلەی سەرەکی پشت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەو پارێزگایەدا دەبەستێت، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە هەتا ئێستا تەنها یەکجار لە سالی (2005)دا هەلبژاردنی بەخۆیەوە دیوە.

توێژینەوەکە لەسەر دوو ئاست کار دەکات: سەرەتا بە داتا و زانیاری وێنەیەکی ورد و گشتی لەبارەی هەریەک لە هەڵبژاردنەکانی رابوردوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نیشاندەدات و دواتر وێنەیەکی تایبەت لەسەر ئاستی پارێزگای کەرکوک دەهێنێتە دەر و بە بیست و سێ خشتە و چەند گرافیکێکەوە چرایەک لەبەردەم خوێنەران و پارتە سیاسییەکاندا دادەنێت تا بتوانن وێنەیەکی روونیان لەبارەی دۆخی هەڵبژاردنە گشتییەکانی پارێزگای کەرکوکەوە هەبێت..

**ئارام جەمال**

**2023-12-09**

## رۆژمێری هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005) لە عیراقدا

رۆژی (2003-06-13) بە بڕیارێکی دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی بە سەرۆکایەتی پۆل بریمەر ئەنجومەنی حوکم پێکهێنرا و ئەمیش لەلای خۆیەوە "یاسای بەڕێوەبردنی دەولەتی عێراق بۆ قۆناغی راگوزەر"[1]ی دەرچواند، کە تێیدا ئەوە هاتووە "نابێت هەلبژاردنی کۆمەلەی نیشتمانی لە رۆژی 31 کانونی دووەمی 2005 تێپەڕ بکات"، هاوکات کۆمەلەی نیشتمانیشی ئەرکدار کردووە بەوەی رەشنوسی دەستوری عێراق ئامادەبکات بە ئامنجی ئەوەی لە ریفراندۆمێکدا گەلانی عێراق دەنگی لەسەر بدەن. دواتر بە فەرمانی هەمان دەسەلاتی هاوپەیمانی و لەلایەن پۆل بریمەرەوە فەرمانی ژمارە (71) بۆ رێکخستنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاسای هەلبژاردن بە فەرمانی ژمارە (96) و یاسای حزبەکان و دامەزراوە سیاسییەکان بە فەرمانی ژمارە (97) دەرکران بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی یاسایی و ئەنجامدانی هەلبژاردنی هەریەک لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و کۆمەلەی نیشتمانی.

بەو پێیەی لە ماوەی سالی (2005)دا چەند هەلبژاردنێکی گشتی ئەنجامدراوە، بە پێویستی دەزانین جۆر و رۆژمێری هەلبژاردنەکان و ژمارەی بازنەکان و سیستمی هەلبژاردنەکانیان بخەینەڕوو : *(سەیری خشتەی ژمارە -1- بکە)*

خشتەی ژمارە -1-
رۆژمێری هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005)

Aram Jamal

| ز | جۆری هەڵبژاردنەکان | وادەی ئەنجامدانی هەلبژاردنەکان | ژمارەی بازنەکانی هەلبژاردن | سیستمی هەڵبژاردنەکە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق | 2005/01/30 | هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەلبژاردنە | لیستی داخراوی نوێنەرایەتی رێژەیی |
| 2 | هەلبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | 2005/01/30 | هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەلبژاردنە | لیستی داخراوی نوێنەرایەتی رێژەیی |
| 3 | هەلبژاردنی کۆمەلەی نیشتمانی راگوزەری عێراق | 2005/01/30 | یەک بازنەی هەلبژاردن | لیستی داخراوی نوێنەرایەتی رێژەیی |
| 4 | هەلبژاردنی دووەمین خولی پەرلەمانی کوردستان | 2005/01/30 | یەک بازنەی هەلبژاردن | لیستی داخراوی نوێنەرایەتی رێژەیی |
| 5 | ریفراندۆم لەسەر پرۆژەی دەستوری عێراق | 2005/10/15 | یەک بازنەی هەلبژاردن | ___ |
| 6 | هەلبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2005/12/15 | هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەلبژاردنە | لیستی داخراوی نوێنەرایەتی رێژەیی |

[1] قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية.

## هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق

**2005-01-30**

رۆژی (2005-01-30) لەبەر رۆشنایی فەرمانی دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی ژمارە (71)ی پۆل بریمەردا، هەلبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنەکان بۆ هەریەک لە (18) پارێزگاکەی عێراق بەڕێوەچوو. لەم هەلبژاردنەدا سنوری کارگێڕیی هەر پارێزگایەک کرایە بازنەیەکی هەلبژاردن و قەبارەی بازنەکانی هەلبژاردن وا دیاریکرا کە هەر پارێزگایەک (41) کورسی بەربکەوێت جگە لە پارێزگای بەغداد کە قەبارەکەی (51) کورسی بەرکەوت و سیستمی هەلبژاردنی پەیڕەوکراو لەم هەلبژاردنەدا لیستی داخراوی نوێنەرایەتی رێژەیی بوو.

پێویستە ئەوە بگوترێت کە پارێزگای کەرکوک و تەنانەت هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش بۆ یەکەمینجار لەم هەلبژاردنە بەهرەمەند بوون و بەهۆیەوە بوونە خاوەنی ئەنجومەنی هەلبژێردراوی پارێزگای خۆیان، بەلام لە دوای ئەم هەلبژاردنەوە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هەتا ئێستا هەلبژاردنی دیکەی بەخۆوە نەبینیەوە و وابڕیارە رۆژی (2023-12-18) دووەمین هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەنجام بدرێت.

## هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک

**2005-01-30**

- ژمارەی کورسی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک: 41 کورسی
- ژمارەی لیستی بەشداربوو: 24 لیست
- سیستمی هەلبژاردن: لیستی داخراوی نوێنەرایەتی رێژەیی/ زۆرترین دەنگی ماوە
- ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو: 576,048 دەنگدەر
- ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا: 400,892 دەنگدەر
- ژمارەی کارتی دەنگدانی پووچەل: 5,059 کارتی دەنگدان
- کۆی ژمارەی دەنگی دروست: 395,833 دەنگ
- رێژەی بەشداری دەنگدەر: (68,7%)
- دابەشکاری هەلبژاردن: 9777 دەنگ/کورسی

لەم هەڵبژاردنەدا لیستی برایەتی کەرکوک، کە زۆربەی لیستە کوردییەکانی لە هاوپەیمانێتییەکدا کۆکردۆتەوە، لەسەر ئاستی پارێزگای کەرکوک زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە و (26) کورسی بردۆتەوە، لە دوای ئەو بەرەی تورکمانی عێراقی (8) کورسی و دواتر لیست و هاوپەیمانێتییە عەرەبییەکان (7) کورسی ئەنجومەنەکەیان بردۆتەوە.

خشتەی ژمارە -2-
Aram Jamal
ژمارەی دەنگ و کورسی لیستەکان
لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا
2005-01-30

| لیستەکان | بەرکەوتەی دەنگ | % دەنگەکان | بەرکەوتەی کورسی |
|---|---|---|---|
| لیستی برایەتی کەرکوک | 237,350 | %59 | 26 |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | 73,791 | %19 | 8 |
| التجمع الجمهوري العراقي | 43,645 | %9 | 5 |
| الأئتلاف الإسلامي والترکماني | 12,678 | %4 | 1 |
| التجمع الوطني العراقي | 12,329 | %4 | 1 |
| لیستەکانی دیکە | 21,099 | %5 | 0 |
| کۆی گشتی | 400,892 | %100 | 41 |



ئەو (26) کورسییەی کە "لیستی برایەتی کەرکوک" وەک هاوپەیمانێتییەکی گەورەی زۆربەی حزبە کوردییەکان بەدەستیهێنا، بەرکەوتەی ئەم حزبانەی خوارەوەیە:

| پارتی | یەکێتی | حشک | یەکگرتو | حسک | زەحمەتکێشان | پێکهاتەی عەرەب | پێکهاتەی تورکمان | پێکهاتەی مەسیحی | سەربەخۆکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 7 کورسی | 5 کورسی | 3 کورسی | 3 کورسی | 1 کورسی | 1 کورسی | 2 کورسی | 1 کورسی | 1 کورسی | 2 کورسی |

لە کۆی ئەو (400,892) دەنگەی هەموو لیستە بەشداربووەکان لە هەڵبژارنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا هێناویانە، بەرکەوتەی دەنگی هەموو پارتە کوردییەکان (241,818) بووە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (60,3%). *(سەیری خشتەی ژمارە -3- بکە).*

Aram Jamal

خشتەی ژمارە -3-
ژمارەی دەنگ و کورسی لیستە کوردییەکان
لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا
2005-01-30

| لیستە کوردییەکان | بەرکەوتەی دەنگ | بەرکەوتەی کورسی |
|---|---|---|
| لیستی برایەتی کەرکوک | 237,350 | 26 |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | 2356 | 0 |
| پارتی پارێزگارانی کوردستان | 1558 | 0 |
| پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | 554 | 0 |
| کۆی گشتی | 241,818 | 26 |

لە دوای ئەم هەڵبژاردنەی ساڵی (2005)ەوە، چیتر هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەنجام نەدرا، بە بەڵگەی ئەوەی لەلایەکەوە بە دەر کرا لە هەردوو هەڵبژاردنی ساڵی (2009) و (2013)دا و لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی (28- 10-2019) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاکانی عێراقدا، کە بەیاسای ژمارە 12ی ساڵی 2018 ناسراوە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقی بە کەرکوکیشەوە هەڵوەشاندەوە.

| Tameem Governorate | | |
|---|---|---|
| Ballot No | Entity | Ballots |
| 134 | حزب الاخاء الوطني العراقي | 636 |
| 146 | تجمع الوحدة الوطنية العراقي | 1,590 |
| 165 | جبهة العمل المشترك الديمقراطية | 181 |
| 166 | الجبهة الوطنية لوحدة العراق | 880 |
| 170 | التجمع من أجل الديمقراطية العراقي | 390 |
| 174 | الجبهة العربية الموحدة | 4,064 |
| 175 | جبهة تركمان العراق | 73,791 |
| 177 | الحركة القومية التركمانية | 1,851 |
| 178 | الائتلاف الاسلامي و التركماني | 12,678 |
| 192 | حركة الدعوة الأسلامية | 1,220 |
| 204 | قائمة الرافدين الوطنية | 1,554 |
| 209 | حزب البناء الديمقراطي | 914 |
| 223 | حزب الاتحاد الديمقراطي الكلداني | 536 |
| 249 | الحزب الأسلامي الديمقراطي | 333 |
| 260 | حزب الحل الديمقراطي الكردستاني/پارتی چاره سه ری دیموکراتی کوردستان | 554 |
| 283 | الجماعة الإسلامية الكردستانية / العراق | 2,325 |
| 289 | التجمع الوطني العراقي | 12,329 |
| 299 | التجمع الجمهوري العراقي | 43,635 |
| 311 | كتلة المصالحة والتحرير | 1,133 |
| 312 | حزب الجمهوريين الأحرار | 135 |
| 346 | أتحاد بيث نهرين الوطني | 708 |
| 351 | الحزب الأسلامي العراقي | 594 |
| 364 | حزب المحافظين الكردستاني | 1,558 |
| 367 | قائمة كركوك المتآخية | 237,303 |
| | Total valid ballots | 400,892 |

## هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی راگوزەر (أنتقالي)

## 2005-01-30

لە هەمان رۆژی (2005-01-30)دا و لەپاڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، دوو هەڵبژاردنی گشتی دیکە لە ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدران، کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

- هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق.
- هەڵبژاردنی دووەمین خولی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم هەڵبژاردنە پشتی بە (فەرمانی ژمارە 96 "یاسای هەڵبژاردنەکان")[2] بەستبوو، کە پۆل بریمەری سەرۆکی بەڕێوەبردنی دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان دەریکردووە و تێیدا پێداگری لەسەر ئەوە کراوە، کە دەبێت لە ماوەی گواستنەوەدا و بەر لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی سالی 2005 چەند هەڵبژاردنێکی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدرێن.

ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی راگوزەر، لە رووی سیستمی هەڵبژاردنەوە، لە زۆربەی هەڵبژاردنەکانی دوای خۆی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە:

1/ هەموو عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردن بوو.

2/ بە لیستی داخراو بەڕێوەچوو.

لەم هەڵبژاردنەدا کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ناوی 14 ملیۆن و 270 هەزار دەنگدەری تۆمارکردووە و لەو ژمارەیەش 8 ملیۆن و 550 هەزار و 871 دەنگدەر بەشداربوون بەلام (94,305) کارت پووچەلکراوەتەوە و بەوەش کۆی دەنگی دروست لەو هەڵبژاردنەدا 8 ملیۆن و 456 هەزار و 266 دەنگدەر بووە، کە رێژەکەی دەکاتە (58,9%).

لەم هەڵبژاردنەدا (111) پارت و هاوپەیمانی و لیستی تاکەکەسی کێبڕکێیان لەسەر (275) کورسی ئەم خولە کردووە و لە ئاکامدا تەنها (12) پارت و هاوپەیمانی بە رێژەی جیاواز کورسییەکانیان بردۆتەوە. *(سەیری خشتەی ژمارە -4- بکە).*

لەم هەڵبژاردنەدا (86) کاندیدی ژن کورسی کۆتای نوێنەرایەتییان بردۆتەوە، کە رێژەکەی دەکاتە (31.3%)، لەکاتێکدا لە فەرمانی ژمارە 96 دا هاتووە کە دەبێت لانیکەم لەنێوان سێ کاندیددا یەکێکیان ئافرەت بێت[3].

---

2 ئەم فەرمانە رۆژی 2004-06-01 لە ژمارە (3984)ی رۆژنامەی وەقائیعی عێراقیدا بلاوکراوەتەوە.

3 فەرمانی ژمارە 96 ، یاسای هەلبژاردنەکان/ بەشی چوارەم- کاندیدەکانی هەلبژاردن/ خالی سێ.

| خشتەی ژمارە -4- ئەنجامی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق Aram Jamal | | | |
|---|---|---|---|
| 2005-01-30 | | | |
| لیستەکان | بەرکەوتەی دەنگ | % دەنگەکان | بەرکەوتەی کورسی |
| ئیئتلافی یەکگرتووی عێراق | 4,075,292 | %48.2 | 140 |
| لیستی هاوپەیمانی کوردستانی | 2,175,551 | %25.7 | 75 |
| لیستی عێراقیە | 1,168,943 | %13.8 | 40 |
| العراقیون | 150,680 | %01.8 | 5 |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | 93,480 | %01.1 | 3 |
| الكوادر والنخب الوطنیّة المستقلة | 69,938 | %00.8 | 3 |
| كۆمەلی ئیسلامی کوردستان | 60,592 | %00.7 | 2 |
| منظمة العمل الإسلامي في العراق | 43,205 | %00.5 | 2 |
| اتحاد الشعب | 69,920 | %00.8 | 2 |
| تحالف الديمقراطي الوطني | 36,795 | %00.4 | 1 |
| لیستی رافیدەینی نیشتمانی | 36,255 | %00.4 | 1 |
| كتلة المصالحة والتحرير | 30,796 | %00.4 | 1 |
| ئەوانی دیکە | 444,819 | %05,3 | 0 |
| کۆی گشتی | 8,456,266 | %100 | 275 |

هاوپەیمانی کوردستانی زۆربەی پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستانی لەخۆگرتبوو، وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی، حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی سوشیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و چەند حزب و کەسایەتییەکی سەربەخۆ... ئەوەی لە دەرەوەی ئەم هاوپەیمانێتییەدا بوو تەنها کۆمەلی ئیسلامی کوردستان بوو، کە 60 هەزار و 592 دەنگی بەدەستهێنا و دوو کورسی بردەوە.

ئەو "کۆمەلە دامەزرێنەر"ەی پێکهات لیژنەیەکی ئامادەکردنی رەشنوسی دەستوری لە (55) ئەندامی ئەنجومەنەکە و (15) ئەندامی سوننەی دەرەوەی ئەنجومەنەکە پێکهێنا و رۆژی 2005/10/15 لە گشتپرسییەکدا لە کۆی (15,568,702) کەسی تۆمارکراو، (9,852,291) دەنگدەر بەشدارییان لە گشتپرسییەکەدا کرد، کە دەکاتە رێژەی (%63,3) و لەو رێژەیەش (%78,59) دەنگی بە بەڵێ و (%21,41) دەنگی نەخێری هێنا.

# دەنگی پێکهاتەکانی کەرکوک
# لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی راگوزەردا

## 2005-01-30

- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە: 576,000 دەنگدەر
- ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا: 403,286 دەنگدەر
- دەنگی پووچەڵ: 6,062 کارتی دەنگدان
- کۆی دەنگی دروست: 397,224
- ڕێژەی بەشداری دەنگدەران: (68,9%)

لەم هەلبژاردنەدا دەنگی پارتە کوردییەکان لە پارێزگای کەرکوکدا بە ڕێژەیەکی زۆر لە پێش پارتەکانی هەردوو پێکهاتەی عەرەب و تورکمانەوەیە، بە بەلگەی ئەوەی پارتە کوردییەکان ڕێژەی (60%)ی کۆی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەیان بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا کۆی پارتە عەرەبییەکان ڕێژەی (23,5%) و بەرەی تورکمانی عێراقی ڕێژەی (16,5%)ی کۆی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە.

بەو پێیەی لەم هەلبژاردنەدا سەرتاسەری عێراق یەک بازنەی هەلبژاردن بووە، لەبەرئەوە ژمارەی کورسی لەسەر ئاستی پارێزگاکان دیاری نەکراوە، هەربۆیە لە خشتەکەدا تەنها ژمارە و ڕێژەی دەنگی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی پارێزگای کەرکوک خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە -5-
دەنگی پارتە سیاسییەکان لە پارێزگای کەرکوک
هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق
Aram Jamal

| لیستەکانی کەرکوک | بەرکەوتەی دەنگ | % دەنگەکان |
|---|---|---|
| 2005-01-30 | | |
| لیستی هاوپەیمانی کوردستانی | 237,006 | %59,7 |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | 65,614 | %16,5 |
| لیستی عێراقیە | 22,496 | %5 |
| تحالف العراق الموحد | 19,815 | %5 |
| العراقیون | 18,725 | %4,7 |
| کۆمەلی ئیسلامی کوردستانی | 2,226 | %0,6 |
| اتحاد الشعب | 1,237 | %0,3 |
| لیستی رافیدەینی نیشتمانی | 978 | %0,2 |
| تحالف الدیمقراطي الوطني | 222 | %0,1 |
| منظمة العمل الإسلامي في العراق | 226 | %0,1 |
| الكوادر والنخب الوطنيّة المستقلة | 153 | %0,1 |
| ئەوانی دیکە | 28,526 | %7,2 |
| کۆی گشتی | 397,224 | %100 |

## هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## 2005-12-15

**لە دوای پێکهێنانی کۆمەڵەی نیشتمانی راگوزەر لە عێراقدا، یاسای هەلبژاردنەکان ژمارە (16)ی سالی 2005 بە ئیمزای سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تالەبانی و هەردوو جێگرەکەی عادل عبدالمهدی و غازی عەجیل یاوەر دەرچوو.**

**ئەگەرچی ئەم یاسایە سیستمی هەلبژاردنەکەی، وەک هەلبژاردنی پێشخۆی، بە "لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی/ باقي الاقوى" هێشتەوە بەلام گۆڕانکاری لە ژمارەی بازنەکانی هەلبژاردندا کرد و بەوەش لەبری ئەوەی هەموو عێراق یەک بازنەی هەلبژاردن بێت سنوری کارگێڕی هەر پارێزگایەکی کردە بازنەیەکی هەلبژاردن.**

**ئەم یاسایە (275) کورسی نوێنەرایەتی بۆ ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیاریکرد و لەو ژمارەیە (230) کورسییان لەسەر ئاستی پاریزگاکان دابەشدەکران و (45) کورسیشیان لەسەر ئاستی نیشتمانی و بە شێوەی کورسی قەرەبووکردنەوە[4] دانران.**

**رۆژی 2005/12/15 بەم یاسایە هەلبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، کە تێیدا 15 ملیۆن و 568 هەزار و 702 دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیەش 12 ملیۆن و 396 هەزار و 631 دەنگدەر بەشداری هەلبژاردنەکەیان کردووە، بەلام بە هۆکاری ئەوەی 205 هەزار و 498 کارتی دەنگدان پووچەلکراونەتەوە، لەبەرئەوە کۆی دەنگی دروست لەو هەلبژاردنەدا 12 ملیۆن و 191 هەزار و 133 دەنگدەری ماوەتەوە، کە رێژەکەی دەکاتە (%78,3).**

**لەم هەلبژاردنەدا (307) پارتی سیاسی و (19) هاوپەیمانێتی و (6655) کاندید بەشدارییان تێدا کرد، بە کاندیدی تاکەکەسیشەوە، بەلام لەوانە ەنها (12) پارت و هاوپەیمانی کۆی کورسییەکانی یەکەمین خولی ئەنجومەنەکەیان بردەوە. کە لەناویاندا تەنها دوو قەوارەی سیاسی کوردی براوە هەبوون، ئەوانیش "هاوپەیمانی کوردستانی" و "یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان".** *(بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی ژمارە -6- بکە)*

---

4 کورسی قەرەبووکردنەوە بۆ دەنگی ئەو لیستانە ئەژماردەکرێت کە لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەدەستیانهێناوە بەلام نەبوونەتە کورسی و فەوتاون. لەم کاتەدا کۆی ئەو دەنگانەی هەر لیستێک لەسەر ئاستی نیشتمانی (واتە لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکان) بەدەستیهێناوە دابەشی تێکڕای نیشتمانی دەکرێت و جیاوازی نێوان هەر دوو ئەنجامەکە (پارێزگا و نیشتمانی) دەبێتە کورسی قەرەبووکردنەوە بۆ ئەو لیستە، ئەو لیستانەی هیچ کورسییان لەسەر ئاستی پارێزگاکان نەبردۆتەوە ئەوانە لە پێشترن بۆ بەدەستهێنانی کورسی قەرەبووکردنەوە .

| خشتەی ژمارە -6- ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق Aram Jamal | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2005-12-15 | | | | | |
| لیستەکان | ژمارەی دەنگەکان | ڕێژەی سەدیی | کورسی پارێزگاکان | کورسی قەرەبووکەرەوە | کۆی کورسی بەرکەوتوو |
| الائتلاف العراقي الموحد | 5,021,137 | %41,2 | 109 | 19 | 128 |
| هاوپەیمانی کوردستانی | 2,642,172 | %21,7 | 43 | 10 | 53 |
| جبهة التوافق العراقية | 1,840,216 | %15,1 | 37 | 7 | 44 |
| القائمة العراقية الوطنية | 977,325 | %8 | 21 | 4 | 25 |
| الجبهة العراقية للحوار الوطني | 499,963 | %4,1 | 9 | 2 | 11 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 157,688 | %1,3 | 4 | 1 | 5 |
| كتلة المصالحة والتحرير | 129,847 | %1,1 | 3 | 0 | 3 |
| الرساليون | 145,028 | %1,2 | 1 | 1 | 2 |
| قائمة مثال الألوسي للأمة العراقية | 32,245 | %0,3 | 1 | 0 | 1 |
| الجبهة التركمانية العراقية | 87,993 | %0,7 | 1 | 0 | 1 |
| الحركة الأيزيدية للإصلاح والتقدم | 21,908 | %0,2 | 1 | 0 | 1 |
| قائمة الرافدين | 47,263 | %0,4 | 0 | 1 | 1 |
| کۆی گشتی کورسییەکان | 12,396,631 | %100 | 230 | 45 | 275 |

لە خشتەی ژمارە -6- دا دەردەکەوێت کە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی (10) کورسی و لیستی یەکگرتوی ئیسلامی (1) کورسی بە ڕێگەی قەرەبووکردنەوە بەرکەوتووە. هاوکات کورسییەکانی ئەم دوو لیستە براوەیە لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەو شێوەیە دابەشبوون:

| خشتەی ژمارە -7- دابەشبوونی لیستە کوردییەکان بەسەر پارێزگاکاندا Aram Jamal | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکان / لیستەکان | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | کەرکوک | نەینەوا | دیالە | بەغداد | کۆی گشتی |
| هاوپەیمانی کوردستانی | 13 | 12 | 6 | 5 | 4 | 2 | 1 | 43 |
| یەکگرتووی ئیسلامی | 2 | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 |
| کۆی گشتی | 15 | 13 | 7 | 5 | 4 | 2 | 1 | 47 |

## دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک
## لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا
## 2005-12-15

- ژمارەی کورسی کەرکوک: 9 کورسی
- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە: 691,581 دەنگدەر
- ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا: 595,425 دەنگدەر
- دەنگی پووچەل: 9,793 کارتی دەنگدان
- کۆی دەنگی دروست: 585,632
- ڕێژەی بەشداری دەنگدەران: (84,6%)
- دابەشکاری هەلبژاردن: 65,070 دەنگ/کورسی

خشتەی ژمارە -8-
دەنگ و کورسی لیست و هاوپەیمانەکانی کەرکوک
لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا
Aram Jamal
2005-12-15

| لیست و هاوپەیمانەکانی کەرکوک | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی سەدیی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| هاوپەیمانی کوردستانی | 312,754 | %53,4 | 5 |
| الجبهة العراقية للحوار الوطني | 82,107 | %14 | 1 |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | 63,658 | %10,9 | 1 |
| جبهة التوافق العراقية | 34,665 | %05,9 | 1 |
| كتلة المصالحة والتحرير | 26,302 | %04,5 | 1 |
| كتلة العراقية الموحدة | 19,672 | %03,4 | 0 |
| قائمة العراقية الوطنية | 14,316 | %02,4 | 0 |
| القائمة العراقية | 6,289 | %01,1 | 0 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 6,138 | %01,1 | 0 |
| ئەوانی دیکە | 19,641 | %03,4 | 0 |
| کۆی ژمارەی کورسییەکان | 585,632 | %100 | 9 |

ئەگەر لە هەلبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، پارتە کوردییەکان ڕێژەی (60,30%)ی کۆی دەنگە دروستەکانی هەلبژاردنی ئەو پارێزگایەیان بەدەستهێنابێت، ئەوا لە هەلبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عێراقدا پارتە کوردییەکان ڕێژەی (54,50%)ی کۆی دەنگە دروستەکانیان بەدەستهێناوە و بەووش دەنگەکانیان بە ڕێژەی (5,80%) کەمیکردووە .

## هەڵبژاردنی دووەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## 2010-03-07

رۆژی (2010/03/07) هەلبژاردنی دووەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە یاسایەکی هەلبژاردنی نوێ بەڕێوەچوو، کە بە "یاسای ژمارە (26)ی سالی 2009 یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (16)ی سالی 2005" ناسرا.

لەنێوان ئەم یاسا هەموارکراوە و یاسای هەلبژاردنی پێشخۆی چەند گۆڕانکارییەک هەن، لە دیارتینیان ئەمانەن:

1- بۆ یەکەمینجار تەرخانکردنی کورسی کۆتای پێکهاتەکان هاتە نێو یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە و بەوەش (8) کورسی کۆتا بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی (مەسیحی - 5 کورسی) و (ئێزیدی - 1 کورسی) و (سابیئەی مەندائی - 1 کورسی) و (شەبەک - 1 کورسی) تەرخانکرا[5].

2- لیستی داخراو لابرا و بۆ یەکەمینجار لیستی نیمچەکراوە هاتە نێو یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە[6].

3- ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران (325) کورسی بوو، لەو ژمارەیەش (15) کورسی بۆ قەرەبووکردنەوە تەرخانکرا.[7]

4- لەم یاسایەدا بۆ یەکەمجار ژمارەی کاندیدەکانی ناو لیست بەرزکرایەوە بۆ دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەلبژاردن.

5- شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان لە بەرژەوەندی هێزە براوەکاندا بوو.

لەم هەلبژاردنەدا عێراق بەسەر (8313) بنکە و (49,092) وێستگەی دەنگداندا دابەشکرا و 18 ملیۆن و 741 هەزار و 493 دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەبووە و لەو ژمارەیەش 11 ملیۆن و 526 هەزار و 412 دەنگدەر بەشداری هەلبژاردنەکەیان کردووە، کە رێژەکەی دەکاتە (61,5%).

لەم هەلبژاردنەدا (86) قەوارەی سیاسی و (12) هاوپەیمانێتی و (6234) کاندیدی حزبی و هاوپەیمانێتی و تاکەکەسی بەشداریان کردووە. *(سەیری خشتەی ژمارە -9- بکە).*

لە کۆی (325) کورسی (4) کاندیدی تاکەکەسی (سەربەخۆ) و (82) کاندیدی ژن کورسی نوێنەرایەتییان بردەوە، کە رێژەکەی دەکاتە (25,2%).

---

5 مادەی (1) بڕگەی سێیەم لە یاسای ژمارە (26)ی سالی 2009 یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (16)ی سالی 2005.

6 مادەی (3) بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (26)ی سالی 2009 یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (16)ی سالی 2005.

7 مادەی (2) لە بڕیاری ژمارە (24)ی سالی 2009 مذكرة تفسيرية.

| خشتەی ژمارە -9- ئەنجامی هەڵبژاردنی دووەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2010-03-07 | | | |
|---|---|---|---|
| لیستەکان | بەرکەوتەی دەنگ | % دەنگەکان | بەرکەوتەی کورسی |
| لیستی عێراقیە | 2,849,612 | %24.72 | 91 |
| ائتلاف دولة القانون | 2,792,083 | %24.22 | 89 |
| الائتلاف الوطني العراقي | 2,092,066 | %18.15 | 70 |
| لیستی هاوپەیمانی کوردستانی | 1,681,714 | %14.59 | 43 |
| بزووتنەوەی گۆڕان | 476,478 | %4.13 | 8 |
| جبهة التوافق العراقي | 298,226 | %2.59 | 6 |
| ائتلاف وحدة العراق | 306,647 | %2.66 | 4 |
| یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 243,720 | %2.11 | 4 |
| کۆمەلی ئیسلامی کوردستان | 152,530 | %1.32 | 2 |
| پێکهاتەکان | 61,153 | %0.53 | 8 |
| ئەوانی دیکە | 572,183 | %4.96 | 0 |
| کۆی گشتی | 11,526,412 | %100 | 325 |

Aram Jamal

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، چوار لیستی کوردی بەشدارییان لەم هەلبژاردنەدا کردووە، کە ئەوانیش بریتین لە هەریەک لە:

- هاوپەیمانێتی کوردستانی، لە هاوپەیمانێتی یەکێتی و پارتی پێکهاتووە. ژمارەی کورسییەکانی ئەم هاوپەیمانێتییە، بەراورد بە هەلبژاردنی پێشووتری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، (10) کورسی کەمیکردووە بە بەلگەی ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی لە (53) کورسییەوە دابەزیوە بۆ (43) کورسی.
- بزووتنەوەی گۆڕان وەک لیستێکی هەلبژاردنی تازە بۆ یەکەمینجار لەم هەلبژاردنەدا بەشداری کردووە و (8) کورسی بردۆتەوە و بە پلەی دووەم دێت.
- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان (4) کورسی بردۆتەوە و بەراورد بە هەلبژاردنی پێشووتر (1) کورسی کەمیکردووە.
- کۆمەلی ئیسلامی کوردستان (2) کورسی بردۆتەوە و بەراورد بە هەلبژاردنی پێشووتر (1) کورسی زیادیکردووە.

## دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک
## لە هەڵبژاردنی دووەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا
## 2010-03-07

- ژمارەی کورسی پارێزگای کەرکوک: 12 کورسی
- کورسییەکانی کۆتای ژنان: لە 3 کورسی کەمتر نەبێت.
- پێکهاتەی مەسیحی: یەک کورسی بۆ تەرخانکراوە.
- سیستمی هەلبژاردن: لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی/ بەهێزترین ماوەی براوەکان
- جۆری لیست: لیستی نیمچە کراوە
- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە: 762,170 دەنگدەر
- ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا: 556,384 دەنگدەر
- ڕێژەی بەشداری دەنگدەران: (73%)
- دابەشکاری هەلبژاردن: 46,365 دەنگ/کورسی

لەو (12) کورسییەی لەم هەلبژاردنەدا بۆ پارێزگای کەرکوک دیاریکراوە، تەنها دوو لیستی سەرەکی لە پێکهاتەی کورد و عەرەب کۆی کورسییەکانیان بردۆتەوە، کە هەریەکەیان شەش کورسی بەرکەوتووە، *(بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی ژمارە -10- بکە)*

Aram Jamal

خشتەی ژمارە -10-

ژمارەی کورسییەکانی لیستە براوەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی (2010-03-07)

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | % دەنگەکان | ژمارەی کورسی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | پیاو | ژن | کۆ |
| لیستی عێراقیە | 211,675 | %38 | 5 | 1 | 6 |
| هاوپەیمانی کوردستان | 206,542 | %37.1 | 4 | 2 | 6 |
| ئەوانی دیکە | 138,167 | %24,9 | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 556,384 | %100 | 9 | 3 | 12 |

لەم هەڵبژاردنەدا پێکهاتەی کورد لە پارێزگای کەرکوکدا لەپاڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، کە لە (یەکێتی، پارتی، حشک، حسک، بزوتنەوەی ئیسلامی و زەحمەتکێشان) پێکهاتووە، بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیش بە لیستی جیا بەشداربوون.

بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی سیاسی تازە بۆ یەکەمینجارە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بکات و (36,554) دەنگی بەدەستهێنا و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش (24,247) دەنگ و کۆمەڵی ئیسلامیش (7,175) دەنگی بەدەستهێنا. بەڵام هیچکام لەم سێ لیستە نەیانتوانی کورسی نوێنەرایەتی لەو پارێزگایەدا ببەنەوە بە هۆکاری ئەوەی شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان لە بەرژەوەندی هێزە براوەکان دانرابوو. چۆن؟

لە برگەی چوارەمی مادە (3)ی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2009دا، کە بە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2005 ناسراوە، ئەوە هاتووە کە "کورسی شاغیر و بەتاڵ دەدرێنە ئەو لیستە براوانەی ژمارەیەک کورسییان بردۆتەوە". واتە ئەو کورسییانەی لە قۆناغی دووەمی دابەشکردندا دەمێننەوە بەر ئەو لیستانە دەکەون کە لە قۆناغی یەکەمدا کورسییان بردۆتەوە.

(سەیری خشتەی ژمارە -11- بکە)

خشتەی ژمارە -11-

دابەشکردنی کورسی بەتاڵ بە شێوازی بەهێزترین تێکڕا (المعدل الاكبر)

Aram Jamal

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | دابەشکاری هەڵبژاردن | بەرکەوتەی کورسی لە قۆناغی یەکەمدا | دەنگی ماوە بۆ قۆناغی دووەم | بەرکەوتەی کورسی لە قۆناغی دووەمدا | ئەنجامی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لیستی عێراقیە | 211,675 | 46,365 | 4 | 26,215 | 2 | 6 |
| هاوپەیمانی کوردستان | 206,542 | | 4 | 21,082 | 2 | 6 |
| بزوتنەوەی گۆڕان | 36,554 | | 0 | 36,554 | 0 | 0 |
| یەکگرتووی ئیسلامی | 24,247 | | 0 | 24,247 | 0 | 0 |
| کۆمەڵی ئیسلامی | 7,175 | | 0 | 7,175 | 0 | 0 |
| ئەوانی دیکە | 70,191 | | 0 | 70,191 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 556,384 | -- | 8 | 185,437 | 4 | 12 |

خشتەی ژمارە -11- پێماندەڵێت بەو پێیەی تەنها لیستی عێراقیە و هاوپەیمانی کوردستانی لە قۆناغی یەکەمدا کورسییان بردۆتەوە و دابەشکاری هەڵبژاردنەکەیان تێپەڕاندووە، کە (46,365 دەنگ/کورسی)یەکە و هیچکام لە لیستەکانی دیکە لە قۆناغی یەکەمدا کورسییان نەبردۆتەوە. لەبەرئەوە ئەو چوار کورسییەی ماوەتەوە دوو کورسی بەر لیستی عێراقیە و دوو کورسی بەر هاوپەیمانی کوردستانی دەکەوێت بە بێ ئەوەی لیستەکانی دیکە هیچ کورسییان بەر بکەوێت، لە کاتێکدا ئەگەر قۆناغی دووەم بە پێی شێوازی (زۆرترین ماوە - باقي الاقوى) بووایە لەو کاتەدا هەریەک لە بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و لیستی عێراقیە و هاوپەیمانی کوردستانیش یەک کورسییان بەردەکەوت و ئەنجامەکە بەو شێوەیە دەردەچوو، کە لە خشتەی ژمارە -12- دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە -12-

گریمانەی دابەشکردنی کورسی بەتاڵ

بە شێوازی زۆرترین دەنگی ماوە (باقي الاقوى)

Aram Jamal

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | دابەشکاری هەڵبژاردن | بەرکەوتەی کورسی لە قۆناغی یەکەمدا | دەنگی ماوە بۆ قۆناغی دووەم | بەرکەوتەی کورسی لە قۆناغی دووەمدا | ئەنجامی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لیستی عێراقیە | 211,675 | 46,365 | 4 | 26,215 | 1 | 5 |
| هاوپەیمانی کوردستان | 206,542 | | 4 | 21,082 | 1 | 5 |
| بزوتنەوەی گۆڕان | 36,554 | | 0 | 36,554 | 1 | 1 |
| یەکگرتووی ئیسلامی | 24,247 | | 0 | 24,247 | 1 | 1 |
| کۆمەڵی ئیسلامی | 7,175 | | 0 | 7,175 | 0 | 0 |
| ئەوانی دیکە | 70,164 | | 0 | 70,164 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 556,384 | | 8 | 185,464 | 4 | 12 |

# هەڵبژاردنی سێیەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## 2014-04-30

رۆژی (2013/04/30) هەلبژاردنی سێیەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە یاسایەکی هەلبژاردنی نوێ بەڕێوەچووو، کە بە "یاسای ژمارە (45)ی سالی 2013 ناسرا. ئەم یاسایە عێراقی بەسەر (18) بازنەی هەلبژاردندا دابەشکردووە بە پێودانگی (یەک پارێزگا-یەک بازنەی هەلبژاردن) و سیستمی هەلبژاردن بە لیستی نیمچە کراوەی نوێنەرایەتی رێژەیی لە رێگەی گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی بە شێوازی سانتلیگۆی (1,6).

ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەم خولەدا (328) کورسییە، لەو ژمارەیە (8) کورسی کۆتا بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی (مەسیحی - 5 کورسی) و (ئێزیدی - 1 کورسی) و (سابیئەی مەندائی - 1 کورسی) و (شەبەک - 1 کورسی) تەرخانکرا. لەم یاسایەدا کورسی قەرەبووکردنەوە نەما و لابرا.

لەم هەلبژاردنەدا (107) لیستی هەلبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکانەوە تۆمار و پەسەندکراون، کە لە (71) قەوارەی سیاسی و (36) هاوپەیمانی پێکهاتوون و بە هەموویان (9032) کاندیدیان هەیە (6425 پیاو ، 2607 ژن). کە بە یەکێک لە زۆرترین ژمارەی کاندیدی هەلبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەژمار دەکرێت، دیارە ئەویش بەهۆی مادە (10)ی یاسای هەلبژاردنەکەوەیە، کە دەلێت (نابێت ژمارەی کاندیدانی لیستێک لە دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەلبژاردنەکەی زیاتر بێت).

کۆی ژمارەی ئەوانەی لەم هەلبژاردنەدا مافی دەنگدانیان هەیە 21 ملیۆن و 694 هەزار و 62 کەسن و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشبوون:

- 20 ملیۆن و 437 هەزار و 712 کەس دەنگدەری گشتین.
- یەک ملیۆن و 230 هەزار کەس دەنگدەری تایبەتن.
- 26 هەزار و 350 کەس دەنگدەری ئاوارەن.

لە کۆی ئەو ژمارەیە 13 ملیۆن و 118 هەزار و 874 کەس دەنگیانداوە

= کۆی ژمارەی بنکەی دەنگدان: 8075 بنکەی دەنگدان

- 48 هەزار و 853 وێستگەی دەنگدان.
- رێژەی دەنگدان: (60,4%).

Aram Jamal

**خشتەی ژمارە -13-**
**ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**
**(2014-04-30)**

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | % دەنگەکان | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| هاوپەیمانی دەولەتی قانون | 3141835 | 28% | 92 |
| الاحرار | 917,589 | 8% | 28 |
| المواطن | 982,003 | 9% | 29 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 852,198 | 8% | 19 |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 780,519 | 7% | 19 |
| متحدون للاصلاح | 680,690 | 6% | 23 |
| هاوپەیمانی نیشتمانی | 686,017 | 6% | 21 |
| بزوتنەوەی گۆڕان | 451,858 | 4% | 9 |
| هاوپەیمانی عەرەبی | 315,858 | 3% | 10 |
| الفضیلة والنخب المستقلة | 211,257 | 2% | 6 |
| ڕەوتی چاکسازی | 192,763 | 2% | 6 |
| هاوپەیمانی کوردستانی لە نەینەوا | 185,804 | 2% | 6 |
| بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان | 165,856 | 1% | 4 |
| هاوپەیمانی دیالی ناسنامەمانە | 159,605 | 1% | 5 |
| هاوپەیمانی عێراق | 153,672 | 1% | 5 |
| هاوپەیمانی مەدەنی دیموکراسی | 112,563 | 1% | 3 |
| کۆمەلی ئیسلامی کوردستان | 137,594 | 1% | 3 |
| تیار النخب | 116,268 | 1% | 3 |
| تجمع الشراکة الوطنیة | 110,923 | 1% | 3 |
| هاوپەیمانی نەینەوا | 79,071 | 1% | 3 |
| لیستی بەرەی تورکمانی لە کەرکوک | 71,492 | 1% | 2 |
| هاوپەیمانی وفاء العراقي | 67,796 | 1% | 2 |
| تجمع الکفاءات والجماهیر | 67,084 | 1% | 2 |
| لیستی ئاشتی کوردستان | 61,807 | 1% | 2 |
| هاوپەیمانی وفاء بۆ ئەنبار | 58,994 | 1% | 3 |
| وحدة ابناء العراق | 46,627 | 0% | 2 |
| هاوپەیمانی سەلاحەدینی نیشتمانی | 46,039 | 0% | 1 |
| هاوپەیمانی بدیل المدني المستقل | 41,090 | 0% | 1 |
| هاوپەیمانی عەرەبی کەرکوک | 38,328 | 0% | 1 |
| کەرامە | 36,288 | 0% | 1 |
| کتلة الصادقون | 36,026 | 0% | 1 |
| تیار الدولة العادلة | 31,973 | 0% | 1 |
| حزب الدعوة (تنظیم الداخل) | 27,515 | 0% | 1 |
| هاوپەیمانی نیشتمانی لە سەلاحەدین | 26,910 | 0% | 1 |
| التضامن في العراق | 26,013 | 0% | 2 |
| قائمة الرافدین (مەسیحی) | 24,353 | 0% | 2 |
| المجلس الشعبي الکلداني السریاني الاشوري | 23,781 | 0% | 1 |
| ائتلاف خلاص | 18,229 | 0% | 1 |
| الحرکة الایزیدیة للاصلاح والتقدم | 14,910 | 0% | 1 |
| قائمة الورکاء الدیمقراطیة | 12,626 | 0% | 1 |
| حارث شنشل (سابیئی) | 7194 | 0% | 1 |
| مجلس احرار الشبک | 3357 | 0% | 1 |
| کۆی گشتی | 11,222,403 | 100% | 328 |

## دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردنی سێیەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

**2014-04-30**

- **ژمارەی کورسی پارێزگای کەرکوک: 12 کورسی**
- **کورسییەکانی کۆتای ژنان: لە 3 کورسی کەمتر نەبێت.**
- **پێکهاتەی مەسیحی: یەک کورسی بۆ تەرخانکراوە.**
- **سیستمی هەلبژاردن: لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی/ شیوازی سانتلیگۆی هەموارکراو (1,6)**
- **جۆری لیست: لیستی نیمچە کراوە**
- **ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە: 841,297 دەنگدەر**
- **ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا 570,759 دەنگدەر**
- **ڕێژەی بەشداری دەنگدەران: (67,84%)**
- **دابەشکاری هەلبژاردن: 47,563 دەنگ/کورسی**

**لە کۆی ئەو (12) کورسییەی لەم هەلبژاردنەدا بۆ بازنەی پارێزگای کەرکوک دیاریکراوە، لیستەکانی سەر بە پێکهاتەی کورد (8) کورسییان بردۆتەوە و لیستەکانی سەر بە پێکهاتەی تورکمان (2) کورسی و پێکهاتەی عەرەبیش (2) کورسی بردۆتەوە.** *(سەیری خشتەی ژمارە -14- بکە).*

**خشتەی ژمارە -14-**
**ئەنجامی لیستە براوەکانی کەرکوک**
**لە هەڵبژاردنی سێیەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**
**2014-04-30**
Aram Jamal

| لیستەکان براوەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی سەدیی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 209,964 | %36,79 | 6 |
| بەرەی تورکمانی لە کەرکوک | 71,492 | %12,52 | 2 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 63,076 | %11 | 2 |
| هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 53,796 | %9,42 | 1 |
| هاوپەیمانی عروبە | 38,328 | %6,72 | 1 |
| ئەوانی دیکە | 134,103 | %23,50 | 0 |
| کۆی گشتی | 570,759 | %100 | 12 |

لە دوای هەلبژاردنەکـانی (2005)ەوە بـۆ یەکەمینجـارە یەکێتـی و پـارتی بە دوو لیسـتی جیـا دابەزنە نێـو کێبڕکێـی هەلبـژاردنەوە، چـونکە پێشـتر هەردووکیـان پـێکەوە لەژێـر نـاوی "هاوپەیمـانی کوردسـتانی"دا دەچـوونە نێـو هەلبژاردنەکـانەوە. هاوکـات بـۆ یەکەمجاریشـە لیستەکانی سەر بە پێکهاتەی کورد، بەراورد بە هەلبژاردنەکانی پێشوو، بتوانن هەشت کورسیی ببەنەوە.

لەپال یەکێتی و پارتیدا کۆمەلێک لیستی کـوردی دیـکە لە کەرکوکـدا بە جیـا بەشـدارییان لەم هەلبـژاردنەدا کـردووە، وەک هەریەک لە بـزووتنەوەی گـۆڕان، یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان، کۆمەلی ئیسلامی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی و لیستی ئاشتی کوردستان، بەلام بە هۆکاری ئەوەی لەلایەکەوە لەم هەلبـژاردنەدا شـێوازی سـانتلیگۆی هەمـوارکراوی (1,6) پیـادەکراوە و لەلایەکـی تریشـەوە بەهـۆی پەرشـوبلاوییانەوە هیچکامیـان نەیتوانیـوە کورسـی نـوێنەرایەتی لە بازنەی هەلبژاردنی پاریزگای کەرکوکدا بباتەوە.. *(سەیری خشتەی ژمارە -15- بکە).*

| خشتەی ژمارە -15-<br>ئەنجامی لیستەکانی پێکهاتەی کورد لە کەرکوک<br>لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا<br>(2014-04-30) | | | |
|---|---|---|---|
| لیستەکانی پێکهاتەی کورد | ژمارەی دەنگ | ڕیژەی سەدیی | ژمارەی کورسی |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 209,964 | %36,79 | 6 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 63,076 | %14,45 | 2 |
| بزووتنەوەی گۆڕان | 17,944 | %3,14 | 0 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 6,291 | %1,10 | 0 |
| کۆمەلی ئیسلامی کوردستان | 4,374 | %0,77 | 0 |
| ئەنجامی لیستە کوردەکان | 301,649 | %42,85 | 8 |
| ئەنجامی ئەوانی دیکە | 269,110 | %47,15 | 4 |
| کۆی گشتی | 570,759 | %100 | 12 |

Aram Jamal

## هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## 2018-05-12

رۆژی (2018/05/12) هەلبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە "یاسای ژمارە (45)ی ساڵی 2013ی هەموارکراو بەڕێوەچوو، ئەم یاسا هەموارکراوەی هەلبژاردن وەک یاسای پێشخۆی عێراقی بەسەر (18) بازنەی هەلبژاردندا دابەشکردووە بە پێودانگی (یەک پارێزگا-یەک بازنەی هەلبژاردن) و سیستمی هەلبژاردن بە لیستی نیمچە کراوەی نوێنەرایەتی رێژەیی لە رێگەی گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی بە شێوازی سانتلیگۆی پلە (1,6)ەوە.

ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەم خولەدا (329) کورسییە، لەو ژمارەیە (9) کورسی کۆتا بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی (مەسیحی - 5 کورسی)، (ئێزیدی - 1 کورسی)، (سابیئەی مەندائی - 1 کورسی)، (شەبەک - 1 کورسی) و (کوردی فەیلی - 1 کورسی) تەرخانکراوە.

لەم هەلبژاردنەدا (229) لیستی هەلبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکانەوە تۆمارکراون، کە لەو ژمارەیە (204) لیستیان بەشێوەی قەوارەی سیاسی و (25) لیستیشیان لە شێوەی هاوپەیمانێتیدا چوونە کێبڕکێی هەلبژاردنەوە و بە هەموویان (6993) کاندیدیان هەیە بەدەر لەوەی 374 کاندیدی دیکە دوورخراوەتەوە. هاوکات نابێت رێژەی کاندیدی ژن لە هەر لیستێکدا لە (25%) کەمتر بێت و کۆی ژمارەی بنکەی دەنگدان 8 هەزار و 075 بنکەی دەنگدانە، کە 48 هەزار و 853 وێستگەی دەنگدانیان لەخۆگرتووە.

کۆی ژمارەی ئەوانەی لەم هەلبژاردنەدا مافی دەنگدانیان هەیە 24 ملیۆن و 352 هەزار و 253 کەسن و لەو ژمارەیە 179329 دەنگدەریان لە دەرەوەی ولاتن[8] و 709396 یان دەنگدەری تایبەتن. لەم هەلبژاردنەدا 10 ملیۆن و 840 هەزار و 998 کەس چوونەتە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگیانداوە، بەمەش رێژەی بەشداری دەنگدەران دەکاتە (44,52%).

لەم هەلبژاردنەدا کارتی ئەلەکترۆنی کرایە مەرجی دەنگدان و ئامێری دلنیابوون و ئامیری ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلەکترۆنی PICOS لە هەلبژاردنەکەدا بەکارهێنران و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی عێراق گرێبەستی لەگەل کۆمپانیایەکی کۆریدا ئیمزا کرد بە بەهای 100 ملیۆن دۆلار[9].

---

8 ئەم هەلبژاردنە لە نۆزدە دەولەتدا بەڕێوە چووە وەک {ئەمریکا، بەریتانیا کەنەدا، ئەلمانیا، میسر، ئوستراليا، لوبنان، سوید، تورکیا، ئێران، دانیمارک، نیوزلەندا، بەلجیکا، ئوردن، ئیمارات، فەنلەندە، نەرویج، هۆلەندە، نەمسا}.

9 کۆمپانیا کۆرییەکە بە (Miru Systems) ناسراوە و تێیدا (59800) ئامێری ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلەکترۆنی PICOS

| خشتەی ژمارە -16- ئەنجامی لیستەکانی هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | | | |
|---|---|---|---|
| 2018-05-2 | | | |
| هاوپەیمانی السائرون | 1,493,542 | 14.38 | 54 |
| هاوپەیمانی فەتح | 1,366,789 | 13.16 | 48 |
| هاوپەیمانی نەسر | 1,133,912 | 10.92 | 42 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 873,645 | 8.41 | 25 |
| هاوپەیمانی دەولەتی یاسا | 725,108 | 6.98 | 25 |
| هاوپەیمانی وەتەنیە | 623,594 | 6.01 | 21 |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 616,232 | 5.93 | 18 |
| ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی | 547,223 | 5.27 | 19 |
| ڕەوتی قەراری نیشتمانی | 368,633 | 3.55 | 14 |
| بزووتنەوەی گۆڕان | 201,711 | 1.94 | 5 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 170,919 | 1.65 | 4 |
| یەنبار ناسنامەمانە | 144,182 | 1.39 | 6 |
| بزووتنەوەی ئیرادە | 138,367 | 1.33 | 3 |
| هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری | 123,184 | 1.19 | 2 |
| هاوپەیمانی کەفائەت بۆ گۆڕانکاریی | 112,965 | 1.09 | 2 |
| هاوپەیمانی بەغداد | 98,354 | 0.95 | 3 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 98,278 | 0.95 | 2 |
| کۆمەلی ئیسلامی کوردستان | 96,876 | 0.93 | 2 |
| هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 84,102 | 0.81 | 3 |
| نەینەوا ناسنامەمانە | 83,102 | 0.80 | 3 |
| هاوپەیمانی تەمەدون | 82,824 | 0.80 | 2 |
| بەرەی تورکمانی لە کەرکوک | 79,694 | 0.77 | 3 |
| هاوپەیمانی قەلای نیشتمانی | 77,624 | 0.75 | 3 |
| پارتی نەهجی دیموکراسی | 70,195 | 0.68 | 2 |
| پارتی جەماوەری نیشتمانی | 54,135 | 0.52 | 2 |
| ئالای خێر (بیارق الخیر) | 50,863 | 0.49 | 2 |
| عابرون | 50,243 | 0.48 | 2 |
| پارتی مەدەنی | 32,584 | 0.31 | 1 |
| سەلاحەدین ناسنامەمانە | 31,994 | 0.31 | 1 |
| ئەنجومەنی پیاوانی عێراق | 25,837 | 0.25 | 1 |
| بزووتنەوەی بابلیون | 12,499 | 0.12 | 2 |
| بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی ئێزیدی بۆ چاکسازی | 11,141 | 0.11 | 1 |
| ئەنجومەنی شەعبی کلدۆ سریان ئاسوری | 7,293 | 0.07 | 1 |
| هاوپەیمانی دیموکراسی مەدەنی | 6,535 | 0.06 | 1 |
| لیستی ئاشووری | 4,864 | 0.05 | 1 |
| لیستی رافیدەین | 4,077 | 0.04 | 1 |
| ئەوانی دیکە | 681,382 | 6.56 | 2 |

# دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک
# لە هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

**2018-05-12**

- ژمارەی کورسی پارێزگای کەرکوک: 12 کورسی
- کورسییەکانی کۆتای ژنان: نابێت لە 3 کورسی کەمتر بێت.
- پێکهاتەی مەسیحی: یەک کورسی بۆ تەرخانکراوە.
- سیستمی هەڵبژاردن: لیستی نیمچەکراوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی/ سانتلیگۆی هەموارکراو
- ژمارەی لیستە بەشداربووەکان: 31 لیست
- ژمارەی پالیوراوەکانی پارت و هاوپەیمانی و تاکەکەسی: 291 پالیوراو
- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە: 991,379 دەنگدەر
- ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا 570,759 دەنگدەر
- ڕێژەی بەشداری دەنگدەران: (44,50%)
- دابەشکاری هەڵبژاردن: 47,563 دەنگ/کورسی












لەم هەلبژاردنەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک تاکە لیستی براوەی سەر بە پێکهاتەی کورد توانی 183 هەزار و 283 دەنگ بەدەستبهێنێت و (6) کورسی ئەم پاریزگایە بباتەوە[10]، ژمارەی دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانی عەرەبی بە پلەی دووەم دێت و 84 هەزار و 102 دەنگی بەدەستهێناوە و (3) کورسی بردۆتەوە، دوای ئەو لیستی بەرەی تورکمانی بە پلەی سێیەم دێت، کە 79 هەزار و 694 دەنگی بەدەستهێناوە و (3) کورسی بردۆتەوە.

لە دەرەوەی ئەو لیستانەی سەر بە پێکهاتەی کورد و عەرەبن و کورسییان بردۆتەوە، چەندین لیستی دیکە هەن هیچ کورسییەکیان نەبردۆتەوە، بەهۆکاری ئەوەی دەنگەکانیان رێژەی (1,6)ی سانتلیگۆی هەموارکراوی تێنەپەڕاندووە، *(سەیری خشتەی ژمارە -16- بکە)*

| خشتەی ژمارە -17-<br>ئەنجامی لیستەکانی کەرکوک<br>لە هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق<br>2018-05-12<br>Aram Jamal | | | |
|---|---|---|---|
| لیستەکان براوەکان | ژمارەی دەنگ | ڕیژەی سەدیی | ژمارەی کورسی |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 183,283 | %37.8 | 6 |
| هاوپەیمانی نیشتمان[11] | 14,118 | %2.9 | 0 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 13,096 | %2.7 | 0 |
| یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 4631 | %1 | 0 |
| حزبی سۆشیالیست | 7243 | %1,54 | 0 |
| حزبی شیوعی کوردستان | 884 | %0,19 | 0 |
| هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 84,102 | %17.4 | 3 |
| هاوپەیمانی نەصر | 24,328 | %5 | 0 |
| هاوپەیمانی فەتح | 18,427 | %3.8 | 0 |
| هاوپەیمانی نیشتمانی | 14,979 | %3.1 | 0 |
| بەرەی تورکمانی لە کەرکوک | 79,694 | %16.4 | 3 |
| لیستی بابلیون (کورسی کۆتای تەرخانکراو) | 4864 | %1 | 1 |
| ئەنجومەنی شەعبی کلدۆ سریان ئاسوری | 3810 | %0,80 | 0 |
| ئەوانی دیکە | 31,159 | %7,27 | 0 |
| کۆی گشتی | 484,618 | %100 | 13 |

[10] پارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی لێکەوتەکەکانی ڕووداوی 16 ئۆکتۆبەری سالی (2017) وە بەشداری لە هەلبژاردنی بازنەی پارێزگای کەرکوکدا نەکرد.

[11] لیستی هاوپەیمانی نیشتمان پێکهاتووە لە (بزوتنەوەی گۆڕان، هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری لەگەل کۆمەلی ئیسلامی کوردستان).

## بەراوردکردنی نرخی کورسی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکوکدا

ئەگەر بەراردی نێوان نرخی کورسی بۆ هەریەک لە پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان بکەین. ئەنجامەکە بەم شێوەیە دەبێت:

- لیستە کوردەکان شەش کورسیان بردۆتەوە و بە هەموویان 223 هەزار و 255 دەنگیان بەدەستهێناوە، بەمەش نرخی هەر کورسییەک لەسەر لیستە کوردەکان (37,209) دەنگ کەوتووە. *(سەیری خشتەی ژمارە -17- بکە)*

**خشتەی ژمارە -18-**
**ئەنجامی لیستەکانی پێکهاتەی کورد لە کەرکوک**
**هەڵبژاردنی چوارەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**
**2018-05-12**
Aram Jamal

| لیستە کوردییەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی سەدیی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 183,283 | 37.8% | 6 |
| هاوپەیمانی نیشتمان | 14,118 | 2.9% | 0 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 13,096 | 2.7% | 0 |
| حزبی سۆشیالیست | 7243 | %1,54 | 0 |
| یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 4631 | %1 | 0 |
| حزبی شیوعی کوردستان | 884 | %0,19 | 0 |
| ئەنجامی لیستە کوردییەکان | 223,255 | %44,40 | 6 |

- لیستی عەرەبەکان چوار کورسیان بردۆتەوە و بە هەموویان 221 هەزار و 530 دەنگیان بەدەستهێناوە، بەمەش نرخی هەر کورسییەک لەسەر لیستە عەرەکان (73,843) دەنگ کەوتووە و زۆرترینە.
- پێکهاتەی تورکمان لەم هەلبژاردنەدا بە یەک لیست بەشداربووە و سێ کورسی بردۆتەوە و 79 هەزار و 694 دەنگی بەدەستهێناوە، بەمەش نرخی هەر کورسییەک لەسەر پێکهاتەی تورکمان (26,655) دەنگ کەوتووە و کەمترینە.

**دەرەنجام**

بە هۆکاری ئەوەی سیستمی هەڵبژاردنەکە سانتلیگۆی هەموارکراوە بە پلەی (1,6)، لەبەرئەوە هەتا ژمارەی لیستە بەشداربووەکانی پێکهاتەیەک کەمتر بێت دەنگی نەگۆڕاوی بۆ کورسی کەمتر دەبێت و بەوەش نرخی کورسی کەمتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە..

## هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## 2021-10-10

**رۆژی (2021/10/10) هەلبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە یاسایەکی نوێی جیاواز لە هەموو یاساکانی پێشخۆی ئەنجامدرا، کە بە "یاسای ژمارە (9)ی سالی 2020 ناسراوە[12]، ئەم یاسایەی هەلبژاردن عێراقی بەسەر (83) بازنەی هەلبژاردندا دابەشکردووە، لەسەر بنەمای دابەشکردنی هەر پارێزگایەک بەسەر (3-5) بازنەی هەلبژاردندا. سیستمی هەلبژاردن زۆرینەی یەک دەنگی نەگوێزراوە بووە، کە تێیدا کاندید لە سەنتەردایە نەک لیست.**

**کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان 8 هەزار و 273 بنکەی دەنگدان و 55 هەزار و 45 وێستگەی دەنگدانی بۆ ئەم هەلبژاردنە بلاوکردۆتەوە، کە (22,116.368) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە و (9,629,601) کەس دەنگیان داوە و لەو ژمارەیەش (775,576) دەنگ پووچەلکراوەتەوە و بەوەش کۆی ژمارەی دەنگی دروست لەم هەلبژاردنەدا (8,854,025) دەنگ دەرچووە.**

**ژمارەی کورسی کۆتای تەرخانکراو بۆ پێکهاتەکان (9) کورسی کۆتایە بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی (مەسیحی - 5 کورسی)، (ئێزیدی - 1 کورسی)، (سابیئەی مەندائی - 1 کورسی)، (شەبەک - 1 کورسی) و (کوردی فەیلی - 1 کورسی) تەرخانکراوە.**

**لەم هەلبژاردنەدا 181 لیست (160 قەوارەی سیاسی و 21 هاوپەیمانێتی) و (3523) کاندید بە هەر سێ جۆرەکەیەوە (واتە کاندیدی حزب و هاوپەیمانی و تاکەکەسی) لە کێبڕکێدا بوون بۆ بردنەوەی (329) کورسی ئەنجومەنی نوێنەران. لە کۆی ژمارەی کاندیدەکان (2,734) کاندیدیان سەر بە حزب و هاوپەیمانێتی بوون و (789) کاندیدیشیان تاکەکەسی بوون، هاوکات لە رووی رەگەزییەوە (951) کاندیدیان مێ و (2,572) کاندیدیشیان نێر بوون.**

**لە کۆی 181 لیستە بەشداربووەکەی هەلبژاردن (34) لیست و (43) کاندیدی تاکەکەسی (329) کورسییەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان بردۆتەوە.** *(سەیری خشتەی ژمارە -18- بکە)*

12 **دەقی وەرگێڕدراوی یاساکە بە زمانی کوردی:**
d8b1d8a7d9bedb86d8b1d8aa-d9a1-d8afdb95d982db8c-daa9d988d8b1d8afdb8c-db8cd8a7d8b3d8a7db8c-d987db95dab5d8a8da98d8a7d8b1d8afd986db8c-d8a6db95d986d8acd988d985db95d986db8c-d986d988db8ed986db9-3.pdf (wordpress.com)

خشتەی ژمارە -19-

ئەنجامی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

Aram Jamal

2021-10-10

| ز | پارتە براوەکان | ژمارەی دەنگی حزبەکان | ژمارەی کورسی براوە | ژمارەی کاندیدەکانیان | نرخی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕەوتی سەدر | 885310 | 73 | 95 | 12128 |
| 2 | هاوپەیمانێتی تەقەدومی نیشتمانی | 637198 | 37 | 123 | 17222 |
| 3 | هاوپەیمانێتی دەولەتی یاسا | 502188 | 33 | 71 | 15218 |
| 4 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 781670 | 31 | 51 | 25215 |
| 5 | هاوپەیمانێتی فەتح | 462800 | 17 | 73 | 27224 |
| 6 | هاوپەیمانێتی کوردستان | 368226 | 17 | 44 | 21660 |
| 7 | هاوپەیمانێتی عەزمی عێراق | 421579 | 14 | 123 | 30113 |
| 8 | جولانەوەی نەوەی نوێ | 233834 | 9 | 23 | 25982 |
| 9 | جولاندنەوەی ئیمتداد | 299303 | 9 | 38 | 33256 |
| 10 | اشراقة كانون | 100374 | 6 | 24 | 16729 |
| 11 | هاوپەیمانێتی تصمیم | 153614 | 5 | 45 | 30723 |
| 12 | هاوپەیمانێتی العقد الوطني | 235726 | 4 | 80 | 58932 |
| 13 | هاوپەیمانێتی قوى الدولة | 359876 | 4 | 142 | 89969 |
| 14 | جولانەوەی بابلیون/ کۆتای مەسیحی | 50378 | 4 | 5 | 12595 |
| 15 | هاوپەیمانێتی جماهیرنا هویتنا | 58089 | 3 | 12 | 19363 |
| 16 | جولانەوەی حسم للاصلاح | 26973 | 3 | 10 | 8991 |
| 17 | هاوپەیمانێتی عەرەبی لە کەرکوك | 26414 | 1 | 6 | 26414 |
| 18 | الجماهير الوطنية | 49443 | 1 | 32 | 49443 |
| 19 | المشروع الوطني العراقي | 45197 | 1 | 24 | 45197 |
| 20 | المنتج الوطني | 35891 | 1 | 19 | 35891 |
| 21 | گردبوونەوەی اقتدار وطن | 73210 | 1 | 50 | 73210 |
| 22 | گردبوونەوەی السند الوطني | 6515 | 1 | 1 | 6515 |
| 23 | گردبوونەوەی اهالي واسط المستقل | 30918 | 1 | 7 | 30918 |
| 24 | هاوپەیمانێتی الامال الوطني | 15140 | 1 | 7 | 15140 |
| 25 | هاوپەیمانێتی النهج الوطني | 107600 | 1 | 50 | 107600 |
| 26 | ڕەوتی الفراتين | 39500 | 1 | 23 | 39500 |
| 27 | جبهة تركمان العراق الموحد | 48422 | 1 | 9 | 48422 |
| 28 | کۆمەلی دادگەری کوردستان | 64025 | 1 | 5 | 64025 |
| 29 | جولانەوەی بلادي الوطنية | 8384 | 1 | 13 | 8384 |
| 30 | جولانەوەی حقوق | 99503 | 1 | 40 | 99503 |
| 31 | پارتی پێشکەوتنی ئێزیدی | 3988 | 1 | 1 | 3988 |
| 32 | پارتی الوطن | 12266 | 1 | 1 | 12266 |
| 33 | كتلة الوفاء للتغيير | 15241 | 1 | 1 | 15241 |
| 34 | کاندیدانی تاکەکەسی | 1686792 | 43 | 784 | 39228 |
| | کۆی گشتی | 7945587 | 329 | 2032 | --- |

## دەنگ و کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک
## لە هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

**2021-10-10**

### ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن: 3 بازنەی هەڵبژاردن










(12) کورسی
(3) کورسی کۆتای ئافرەتان
(1) کورسی کۆتای پێکهاتەی مەسیحی

(5) لیستی کوردی
(2) لیستی تورکمان
(23) لیستی عەرەبی

(59) کاندیدی تاکەکەسی
(37) کاندیدی حزبی
(51) کاندیدی هاوپەیمانی

- سیستمی هەڵبژاردن: زۆرینە/ یەکدەنگی نەگوێزراوە SNTV
- ژمارەی لیستە بەشداربووەکان: 30 لیست و هاوپەیمانێتی
- ژمارەی کاندیدی سەربەخۆ: 56 کاندید
- ژمارەی بنکەکانی دەنگدان: 315 بنکە
- ژمارەی وێستگەکانی دەنگدان: 2247 وێستگە
- ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە: 936,628 دەنگدەر
- ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا 411,147 دەنگدەر
- رێژەی بەشداری دەنگدەران: (%43,90)

گرافیک ژمارە -2-

**سنوری سێ بازنەکەی هەلبژاردنی پارێزگای کەرکوک**

**بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە یەک**
دبس، رەحیماوە، عەروفە، قۆریە ئەڵماس، مصلی، ئیسکان، قادسیە، شۆڕیجە، حریە، ئاڵتون کۆپری، لەیلان

**بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە دوو**
تسعین، داقوق، رێگای بەغداد، الواسطی، تازەرەشاد، حی العسکری، الخاصة، الریاض، حی

**بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە سێ**
حەویجە، تازەرەشاد، العباسی، الریاض، الزاب

- **لیستی حزب و هاوپەیمانێتییەکان:**

**لەم هەڵبژاردنەدا (34) لیست بەشداربووە و بە هەموویان (43) کاندیدیان هەبوو، بەشدارییان لە کێبڕکێی سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی پاریزگای کەرکوکدا کردووە، کە پۆلێنکردنیان لەرووی پێکهاتەی کورد و تورکمان و عەرەبەوە بەم شێوەیەیە:**

- **(5) لیستیان سەر بە پێکهاتەی کورد بووە و بە هەموویان لە سێ بازنەکەدا (16) کاندیدیان هەبووە و نۆ کاندیدیان کەوتۆتە بازنەی یەکەوە و شەش کنادیدیشیان لە بازنەی دوودا بوون و لە بازنەی سێشدا تەنها یەک کاندیدی جولانەوەی نوێ هەبووە. لەو شەش لیستە تەنها یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و جولانەوەی نەوەی نوێ کورسییان بردۆتەوە و بە هەموو لیستەکانیش (139,307) دەنگیان بەدەستهێناوە.**
- **(2) لیستیان سەر بە پێکهاتەی تورکمان بووە و بە هەردوو لیستەکە (بەرەی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو، پارتی مەیدانی تورکمانی عێراقی) لە سێ بازنەکەدا (11) کاندیدیان هەبووە، کە چواریان کەوتۆتە بازنەی یەکەوە و شەش کاندیدیان لە بازنەی دوودا بوون و لە بازنەی سێشدا تەنها یەک کاندیدان هەبووە. بە هەردووکیان (46,377) دەنگیان بەدەستهێناوە و لە ئاکامدا بەرەی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو یەک کورسی بردۆتەوە.**
- **(23) لیستیان سەر بە پێکهاتەی عەرەب بووە و بە هەموویان لە سێ بازنەکەدا (46) کاندیدیان هەبووە، کە چوار کاندیدیان کەوتۆتە بازنەی یەکەوە و بیست و دوو کاندیدیشیان لە بازنەی دوودا بوون و لە بازنەی سێشدا بیست کاندیدیان هەبووە. لە کۆی ئەو بیست و سێ لیستە تەنها چوار لیستیان یەکی یەک کورسی بردۆتەوە و بە هەموو لیستەکانیش (120,945) دەنگیان بەدەستهێناوە.**

- **کاندیدی سەربەخۆ:**

**لەم هەڵبژاردنەدا (56) کاندیدی سەربەخۆ بەشدارییان لە کێبڕکێی سێ بازنەکەی هەڵبژاردنی پاریزگای کەرکوکدا کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

- **(56) کاندیدی سەربەخۆ لە کێبڕکێی هەرسێ بازنەی هەڵبژاردنەکەدا بەشدار بوون و بە هەموویان (104,560) دەنگیان بەدەستهێناوە بەڵام لە نێو هەموویاندا تەنها (2) کاندیدیان لە (بازنەی ژمارە یەک)دا کورسی بردۆتەوە بە ناوەکانی (دیلان غەفور سالح، 21,510 دەنگ) و (مهیمن عەلی حسێن، 14,358 دەنگ).**
- **(34) کاندیدی حزب و هاوپەیمانێتی و سەربەخۆ لە بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە یەکدا کێبڕکێیان لەسەر بردنەوەی (5) کورسی بازنەکە کردووە.**

- (56) کاندیدی حزب و هاوپەیمانێتی و سەربەخۆ لە بازنەی هەلبژاردنی ژمارە دوودا کێبڕکێیان لەسەر بردنەوەی (3) کورسی بازنەکە کردووە
- (39) کاندیدی حزب و هاوپەیمانێتی و سەربەخۆ لە بازنەی هەلبژاردنی ژمارە سێدا کێبڕکێیان لەسەر بردنەوەی (4) کورسی بازنەکە کردووە.

**خشتەی ژمارە -20-**
**ئەنجامی لیستەکانی کەرکوک**
**لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا**
Aram Jamal
**2021-10-10**

| لیست/کاندید | بازنەی یەک | | بازنەی دوو | | بازنەی سێ | | کۆی گشتی دەنگ | کۆی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی کاندید | دەنگ | ژمارەی کاندید | دەنگ | ژمارەی کاندید | دەنگ | | |
| هاوپەیمانی کوردستان[13] | 5 | 48,416 | 2 | 14,955 | 0 | 0 | 63,371 | 2 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 1 | 37,744 | 1 | 11,887 | 0 | 0 | 49,631 | 2 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | 1 | 23,090 | 1 | 2306 | 1 | 13 | 25,409 | 1 |
| حزبی سۆشیالیست | 1 | 221 | 1 | 204 | 0 | 0 | 425 | 0 |
| حزبی زەحمەتکێشان | 1 | 249 | 0 | 0 | 0 | 0 | 249 | 0 |
| بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان | 0 | 0 | 1 | 222 | 0 | 0 | 222 | 0 |
| بەرەی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو | 3 | 6,668 | 4 | 36,976 | 1 | 109 | 45,753 | 1 |
| پارتی مەیدانی تورکمانی عێراقی | 1 | 138 | 2 | 486 | 0 | 0 | 624 | 0 |
| هاوپەیمانێتی نیشتمانی تەقەدوم | 0 | 0 | 2 | 8200 | 3 | 34,090 | 42,290 | 1 |
| هاوۆەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 1 | 771 | 3 | 10,872 | 2 | 14,771 | 26,414 | 1 |
| هاوپەیمانی عەقدی نیشتمانی | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 10,255 | 10,255 | 1 |
| هاوپەیمانی فەتح | 0 | 0 | 1 | 7,773 | 0 | 0 | 7,773 | 1 |
| 22 لیستی عەرەبی دیکە | 3 | 516 | 17 | 15,772 | 12 | 17,925 | 34,213 | 0 |
| کاندیدانی سەربەخۆ | 17 | 51,132 | 21 | 33,580 | 18 | 19,848 | 104,560 | 2 |
| کۆی گشتی | 34 | 168,945 | 56 | 145,191 | 39 | 97,011 | 411,147 | 12 |

[13] هاوپەیمانی کوردستان لەم هەلبژاردنەدا پێکهاتووە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان.

## بەراوردکردنی نرخی کورسی پێکهاتەکانی کەرکوک

بەر مەبنای خشتە ژمارە -20-، لەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (ئۆکتۆبەری 2021)، ئەگەر نرخی کورسی لەسەر ئاستی هەر سێ بازنەی هەڵبژاردنەکەی پارێزگای کەرکوک بۆ هەریەک لە پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان دەربهێنرێت. ئەنجامەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

- لیستە کوردەکان لەسەر ئاستی هەرسێ بازنەکە پێنج کورسیان بردۆتەوە و بە هەموویان 139 هەزار و 307 دەنگیان بەدەستهێناوە، بەمەش نرخی هەر کورسییەک لەسەر لیستە کوردەکان (27,861) دەنگ کەوتووە.
- لیستە عەرەبەکان چوار کورسیان بردۆتەوە و بە هەموویان 120 هەزار و 945 دەنگیان بەدەستهێناوە، بەمەش نرخی هەر کورسییەک لەسەر لیستە عەرەکان (30,236) دەنگ کەوتووە.
- پێکهاتەی تورکمان لەم هەڵبژاردنەدا بە دوو لیست بەشداربووە و تەنها یەک کورسیان بردۆتەوە و بە هەردووکیان 40 هەزار و 377 دەنگیان بەدەستهێناوە، بەمەش نرخی ئەو کورسییە لەسەر پێکهاتەی تورکمان (40,377) دەنگ کەوتووە.
- بەو پێیەی کاندیدانی سەربەخۆ سەر بە هەر سێ پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمانن، لەبەرئەوە ناتوانرێت وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی پێکهاتەکان هەژمار بکرێن، بەمەش نرخی کورسی بۆ ئەوان ئەنجامێکی زانستی نادات بەدەستەوە.

لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین کە:

- ○ لیستەکانی سەر بە پێکهاتەی کورد کەمترین نرخی کورسییان لەسەر کەوتووە.
- ○ لیستەکانی سەر بە پێکهاتەی عەرەب نرخی کورسییان لە لیستە کوردەکان زیاتر لەسەر کەوتووە.
- ○ لیستەکانی سەر بە پێکهاتەی تورکمان زۆرترین نرخی کورسییان لەسەر کەوتووە.

**دەرەنجامەکان:**

**لەمیانی گەڕان بە نێو هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوکدا، توێژینەوەکە بەم دەرەنجامانە گەیشتووە**

- **ڕێژەی بەشداری دەنگدەرانی پارێزگای کەرکوک لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ڕابوردودا ڕوو لە دابەزینە و بەرزترین ڕێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدایە کە ڕێژەکەی (84,6%)ەو نزمترین ڕێژەی بەشداربوونیش لە هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدایە کە ڕێژەی (43,90%).** *(سەیری پاشکۆی ژمارە -2- بکە).*

- **تێکڕای هەڵبژاردنە گشتییەکانی ڕابوردوی پارێزگای کەرکوک پێماندەڵێن کە لە کۆی (12) کورسی ئەو پارێزگایە بەرکەوتەی پێکهاتەی کورد (6) کورسییە و پێکهاتەی عەرەب (4) کورسی و پێکهاتەی تورکمان (2) کورسی بەردەکەوێت** *(سەیری پاشکۆی ژمارە -3- بکە).*

- **لە هەموو هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوکدا ژمارەی حزبەکانی سەر بە پێکهاتەی عەرەب بە زۆرترین لیست لیست بەشدارییان لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکاندا کردووە و لەوان کەمتر لیستەکانی سەر بە پێکهاتەی کوردە و لیستەکانی سەر بە پێکهاتەی تورکمان بە کەمترین لیست بەشداری کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانیان کردووە.**

- **دوو هۆکاری سەرەکی هەن ڕۆڵیان هەیە لە گواستەوەی یەک یان دوو کورسی لە پێکهاتەیەکەوە بۆ پێکهاتەیەکی تر: یەکەمیان ڕێژەی بەشداری دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەکە و دووەمیان کەم و زۆری ژمارەی لیستەکانی ناو هەر پێکهاتەیەکە.**

- **لە دوای حەوت هەڵبژاردنی گشتی، هەتا ئێستا هیچ لیست و هاوپەیمانێتییەک نەیتوانیوە سەرتاسەری بێت و سنوری پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکوک تێپەڕێنێت.**

- **هەتا سیستمی هەڵبژاردنی پیادەکراو لە خزمەتی هێزە گەورەکاندا بێت، وەک بەهێزترین تێکڕا یان سانتلیگۆی هەموارکراوی (1,6)، هاوپەیمانە بەهێزەکان قازانج دەکەن و دەنگی حزبە بچووکەکان دەفەوتێت و لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا نابێتە کورسی.**

## سەرچاوەکان:

- یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا.

- یاسای هەڵبژاردن، فەرمانی ژمارە (96)ی ساڵی 2004.

- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2005.

- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2009

- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە (45)ی ساڵی 2013

- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (45) ساڵی (2013)ی هەموارکراو.

- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2020.

- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق - راپۆرتێک بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق - سێ پرۆسەی هەڵبژاردنی مێژوویی لە ساڵێکدا - وەرگێڕانی ساڵح حەمە ئەمین و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل - بەغداد 2006.

- سعد مظلوم عبدي، الموسوعة التشريعية الانتخابية- الانتخابات العراقية بعد 2003 - الجزء الاول - الطبعة الاولى 2016.

- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات - نتائج انتخابات مجالس المحافظات العراقية 2005- شباط 2005

- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات - نتائج انتخابات مجلس النواب العراقي 2005 - شباط 2005

- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات - نتائج انتخابات مجلس النواب العراقي - 2005 - كانون الاول 2005

- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات - نتائج انتخابات مجلس النواب العراقي 2010 - نيسان 2010

- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات - نتائج انتخابات مجلس النواب العراقي 2014 - مايس 2014

- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات - نتائج انتخابات مجلس النواب العراقي 2018 - حزيران 2018

- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات - نتائج انتخابات مجلس النواب العراقي 2021 - تشرين الاول 2021

- پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- بەشی داتا و زانیاری - پرسی هەڵبژاردنەکان.

- Iraq. Legislative Election 2005 (January)- Iraq. Legislative Election 2005 (January) - Electoral Geography 2.0

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە -1-

**خشتەی ژمارە -21-**

**ناساندنی خولی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**(2021 - 2005)**

| خولەکانی هەلبژاردن و وادەی ئەنجامدانیان | یاسای هەلبژاردنی بەرکار | ژمارەی کورسی ئەنجومەن | ژمارەی بازنەکانی هەلبژاردن | سیستمی هەلبژاردنەکە |
|---|---|---|---|---|
| خولی کۆمەلەی نیشتمانی ڕاگوزەری عێراق 30/01/2005 | یاسای هەلبژاردن، فەرمانی ژمارە (٩٦) سالی (٢٠٠٤) | 275 | یەک بازنەی هەلبژاردن | لیستی داخراوی نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| خولی یەکەمی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 15/12/2005 | یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (١٦) سالی (٢٠٠٥) | 275 | 18 بازنەی هەلبژاردن | لیستی داخراوی نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| خولی دووەمی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 07/03/2010 | یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (١٦) سالی (٢٠٠٥)ی هەموارکراو | 325 | 18 بازنەی هەلبژاردن | لیستی نیمچەکراوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| خولی سێهەمی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 30/04/2014 | یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (٤٥) سالی (٢٠١٣) | 328 | 18 بازنەی هەلبژاردن | لیستی نیمچەکراوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| خولی چوارەمی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 12/05/2018 | یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (٤٥) سالی (٢٠١٣)ی هەموارکراو | 329 | 18 بازنەی هەلبژاردن | لیستی نیمچەکراوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی |
| خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 10/10/2021 | یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (٩) سالی (٢٠٢٠) | 329 | 83 بازنەی هەلبژاردن | یەک دەنگی نەگوێزراوە |

## پاشکۆی ژمارە -2

| خشتەی ژمارە -22-<br>ڕێژەی بەشداربوونی دەنگدەرانی پارێزگای کەرکوک<br>لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقدا (2005 - 2021) | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەلبژاردنە گشتییەکان | 2005 ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک | 2005 کۆمەلەی نیشتمانی ڕاگوزەر | 2005 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2010 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2014 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2018 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2021 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| ڕێژەی بەشداربوون | %68,7 | %68,9 | %84,6 | %73 | %67,84 | %44,50 | %43,90 |

## پاشکۆی ژمارە -3-

| خشتەی ژمارە -23-<br>ژمارەی کورسییەکانی پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان لە پارێزگای کەرکوک<br>لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقدا (2005 - 2021) | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەلبژاردنە گشتییەکان<br>ژمارەی لیستی پێکهاتەکان | 2005 ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک | 2005 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2010 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2014 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2018 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | 2021 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| پێکهاتەی کورد | 26 | 5 | 6 | 8 | 6 | 5 |
| پێکهاتەی عەرەب | 7 | 3 | 6 | 2 | 3 | 3 |
| پێکهاتەی تورکمان | 8 | 1 | 0 | 2 | 3 | 2 |
| کاندیدی سەربەخۆ | ... | ... | ... | ... | ... | 2 |
| کۆی گشتی | 41 | 9 | 12 | 12 | 12 | 12 |



## بڵاوکراوەکانی نوسەر سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن

- ڕێکەوتننامەی کۆپنهاگن و پرەنسیپی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان - ئۆفیسی دەزگا دیموکراسییەکانو مافەکانی مرۆڤ (ODIHR-OSCE)- وارشۆ - وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئارام جەمال - سالی 2004.
- تویژینەوەی گونجاوترین سیستمی هەلبژاردن بۆ بەفرەبازنەکردنی هەرێمی کوردستان- ئارام جەمال- ئابی 2019.
- پێشنیارنامەی هەموارکردنەوەی پرۆژەیاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢٠ - ئارام جەمال و دانا جەمیل- کانونی یەکەمی 2020.
- دەقی کوردی یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (9) سالی 2020 - وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئارام جەمال - تشرینی دووەمی 2020.
- تۆماری دەنگدەران و فرەبازنەیی لە پرۆژە یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەیاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)- ئارام جەمال و دانا جەمیل - ئەیلولی 2020.
- دیزاینی هەرێمی کوردستان لە فرە بازنەییدا (لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەیاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ) - ئارام جەمال و دانا جەمیل - تشرینی یەکەمی 2020.
- بەرکەوتەی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەلبژاردنی داهاتووی سالی (2021)دا- ئارام جەمال و دانا جەمیل- تشرینی دووەمی 2020.
- کتێبی ئەوەی پێویستە لەبارەی سیستمەکانی هەلژاردنەوە بیزانین - ئارام جەمال - ک2 2021.
- نەخشەڕێی گۆڕانکاری ڕێژەی کۆتای ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا (خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە لە لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پەیوەست بە کۆتای ژنان)- ئارام جەمال - کانونی یەکەمی 2021.
- لێکەوتەکانی یاسای نوێی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (کۆتای ئافرەتان- کاندیدی تاکەکەسی -عەدالەتی نوێنەرایەتی جوگرافی کەمبوونەوەی ژمارەی کاندیدانی هەلبژاردن- گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی) - ئارام جەمال و ئومێد مەحمود- نیسان 2022.
- هەلبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لەبەردەم داتا جیاوازەکاندا - ئارام جەمال- حوزەیران 2022
- پێشنیارکردنی ڕێگەچارەیەکی مامناوەند لەنێوان "یەکبازنەیی" و "فرەبازنەیی" لە هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا- ئارام جەمال- ئاب 2022 .
- هەلبژاردنە گشتییەکانی سوید - ئارام جەمال - ئەیلول 2022.
- پەیپەری ڕێگەچارەی قەیرانی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا - ئارام جەمال- ئەیلول 2022
- هەلوەستەیەک لەسەر لیستی نیمچە داخراو - ئارام جەمال- شوبات 2023 .
- ڕێبەری بریکار لە پرۆسەی هەلبژاردندا - ئارام جەمال- نیسان 2023
- ڕێگەچارەی جێگرەوە بۆ شێوازی هەلبژاردنی کورسی کۆتای پێکهاتەکان - ئارام جەمال- ئایاری 2023

- فەرهەنگی زاراوەکانی هەڵبژاردن - چاپخانەی سارا - ئارام جەمال- ئابی 2023 .